کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-8-2007 0:18بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بەکافرم مەزانن.. بۆ زمانی یەکگرتوو، بڕۆنە ئیسرائیل. ! .. موحسین جوامێر**

بۆ هێژایان:
سەرۆک وەزیرانی کوردستان نێچیرڤان بارزانی
وەزیری پەروەردە د. دڵشاد عەبدوڕەحمان
وەزیری خوێندنی باڵا د. ئیدریس هادی

لەو وڵاتی ئەوروپیی غەیرە دیناندا، هەم لە پێش و هەم لە دوای ئەوەی شتێک بقەومێ، یان فەرتەنەیەک ڕوو بدات، خۆیانی بۆ هەڵدەکەن، بۆ ئەوەی نەهێڵن زیانی هەبێ، ئەگەریش هەبوو؛ ئەوە هەتا دەکرێ کەم و بەرتەسک بکرێت. کە کارەساتەکەی یازدەی سێپتەمبەر قەوما، خانمە بەڕێوەبەرەکەم تەلەفۆنی لەگەڵدا کردم، لە حاڵی قوتابییەکانمی پرسی، نەوەکا کاردانەوەیەکی نائاسایی لە هەڵسوکەوتیاندا، سەری هەڵدابێت. هەمان شت بەر لەوەی ئەمریکا لە عیراق بدات. هەموو جاریش دەیوت کۆ لە تەلەفۆنکردن لە هەر کاتێکدا نەکەیت. !



ئەڵمانیا، دە ساڵ دوای شەڕی داپڵۆسکێنی دووەمی جیهان، هەر دەتگوت لە شەڕدا نەبووە، هەروەها وڵاتانی دیکەی ئەوروپا. کە میللەتێک تەمای گرت، ئەگەر ئەوەی لەبەردەمیدا شێر بێ؛ کە تێی ڕوو هات، دەبێتە ڕێوی. کە کارێک یان پرۆژەیەک دەکەن، پلان، هێزی ئینسانی، پێداویستەماددییەکان و کاتی بۆ دیاری دەکەن. بۆیە، کەم وا ڕووی داوە لە وڵاتێکی ـ بۆ نموونە ـ وەک سوێد، خەڵکی لە دایەرەیەکدا لەسەروگوێلاکی یەکدیدا گرد بووبێتنەوە، یا لە نەخۆشخانەیەک ریزیان گرتبێت. واتە، هەوڵ دەدەن لە گشت بوارەکانی ژیاندا بەپێی ئەو یاسا گەردوونییانەی ـ لێکدالێکدا ـ دەیاندۆزنەوە و لەگەڵ داخوازییەکانی مرۆڤدا تانپۆن ناکەن، هەنگاو هەڵبێنن.

کێشەیەکی وەک زمانی یەکگرتوو هی ئەوە نییە بۆ کاتێکی نادیار هەڵپەسێردرێ، لەکاتێکدا چەند نەوەیەک لەسەر زمانێک پەروردە بکرێن کە نەزانرێ ئاخۆ داهاتووی چی لێ بەسەر دێ.. ئەم ڕەوشە، دەق وەک ئەوەیە، بە شاعیر، نووسەر، زانا، ئەدیب و بیرمەنداان بگوترێ: جارێ چاوەڕێ بن، نە بنووسن، نە تۆمار بکەن، نە بشیعرێنن و نە ڕابمێنن، چونکە زمانێکی موعجیزە بە ڕێگەوەیە. ! ئاخر کەی. ؟ خوا دەزانێت. ما هکڑا تورد ـ ئەی بەرپرسانی کورد ! ـ الابل.

ئەگەر ئەو مەسەلەیەی زمان و کێشەی لەهجان کە خەریکە ڕەنجی زێتر لەسەد ساڵی کورد بەبا بدا، بدرێتە دەست هەر وڵاتێکی ئەوروپی، هەرچی زووترە هەوڵی چارەسەری دەدات، ئەویش بەو میکانیزمە ماقوولەی ڕێک بۆ ئەو حاڵەتە دەگونجێت، بێ ئەوەی بە دیارییەوە دۆش دابمێنێت. واتە، کە حاڵەتە ناتەندروستییەکەی دیت، یەکسەر قۆڵی لێ هەڵدەماڵێت. بەوە قایل نابێ بوترێ بلا جارێ لە فلان دەڤەر و فیسار ناوچە، هەر کەسێک بە لەهجەی خۆی بخوێنێت، پشتی ئەوە هەوڵی دروستکردنی زمانێکی یەکگرتوو؛ بۆ سەرلەبەری وڵاتەکەمان دەدەین. گەلی زێر و زرنگ لە پارەوە داناوە؛ ساڵی داهاتوو چی بکات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نەخێر، هەرگیز ئەم مەنتیقە لە لای وڵاتانی پێشکەوتوودا قبووڵ نییە. لە کاتێکدا، مەسەلەی زمانی یەکگرتوو ـ هەر یەکێک نیسکاڵێک لێی ورد بێتەوە ـ دەزانێت کە لە (ئەی ڕەقیب)، (ئاڵا) ی کوردستان، ماددەی (140) و مۆرکردنی پەیماننامە ستراتیژییەکەی نێوان پارتی و یەکێتی، زۆر گرنگترە، چونکە بێی (یەکزمانی خوێندن) مەحاڵە کورد وەک (یەکنەتەوە) بمێنێتەوە.. واتە، جیاوازی لە بەینی سۆرانییەک و بادینییەک ـ هەر چەندە حەز ناکەم بەم شێوەیە ناوی خۆمان بەرم ـ لەڕووی نەتەوییەوە، وەک جیاوازیی هەر یەکێک لە ئێمەی لێ دێ، لەگەڵ عەرەبێک، تورکێک یان فارسێک ـ دا.. ئەگەر ئەمڕۆیش نەبێ، حەتمەن لە داهاتوویەکی نزیکدا.

بلا فێڵ لە خۆمان نەکەین.. ئەی ناخوێنینەوە، هێندێ کەس لە کوردان دەڵێن: بۆ تورکمان و ئاشووری و کلدان و ئەرمەنی، مافیان هەبێ، کەچی ئێمەی خودان فلان شێوەزاری کوردی، بە ئەندازەی ئەوان مافمان نییە. ؟ ئاخۆ، ئەمە بوو بەرهەمی خەباتی شێخ مەحموودی نەمر، قازی محەمەد، بارزانیی یەکەم، مام جەلال و بارزانیی دووەم. ؟ کوردان بێن داوای مافی لەهجان بکەن و سێ بەردە دەمستی زمانی یەکگرتوو بنێن. ! ئەوە بوو بەری هەڵەبجە و ئەنفال. ؟ هاوکات زمانی یەکگرتوو، ئەوە ناگەیەنێ شێوەزارەکوردییەکان داماو بکرێن، بەقەد ئەوەی ـ وەک هەموو میللەتێکی دنیا ـ بکرێ بە ئاگردانی کوردان و زمانی دامودەزگەی فێرکردن و پەروردە و حوکمداریی وڵات.. لەپاڵ ئەویشدا، شێوەزارەکان ـ پەیتاپەیتا ـ بکرێن بە ژێدەرو سەروچاوە، بۆ خەملاندن و دەوڵەمەندکردنی زمانەکەمان.

ئەرێ، گەورەترین مەترسیی ڕووبەڕووی ئێمە دەبێتەوە، بوونمانە بە چەند گەل و نەتەوە. هەرچەندی لەهجەش پێی بنووسرێ و بخوێندرێتەوە، زێتر لە ئاگر و دووکەڵی دووبەرەکی و لێکترازانمان نزیک دەکاتەوە. کەمهوشیاریی خەڵکی و جیاوازینەکردن لە نێوان گۆڕاو و نەگۆڕەکان؛ وایان کردووە هەموو دەستکەوتەنەتەوەییەکانمان بێعەمر بن.. دەنا چ ئاقڵێک قبووڵی ئەوە دەکا، دوای سەد ساڵ خوێندن بە زمانێک، کوردێک بێ و زمانی تورکیی پێ لە زمانی یەکگرتوو ـ کە بە ناهەق پێی دەڵێن سۆرانی ـ ئاسانتر بێت.. ئەوجا، ئامادە بێت منداڵی خۆی بنێرێتە قوتابخانەی (ئشک) ی تورکی، کەچی بچێت ئیمزا لە دژی زمانی میللەتی خۆی، کۆ بکاتەوە، بە بیانووی ئەوەی منداڵ تێی ناگەن، کە وایش نییە. هەر دەڵێی زمانەکەیان لێ بووەتە نەزیلۆکەی ژمەچیتر و جنۆکان. !

لە نەوەدەکاندا، زۆر کوردی بنجوو هەوڵیان دا بچنە ئیسرائیل، هەبوو لەبەر نەبوونی و هەشبوو حەزی دەکرد لەوێوە بچێتە دەرەوە.. ژنێکی کە بەو هیوایە چووبووە ئەوێ، تا لە ئیسرائیلەوە بچێتە ئەوروپا، گێڕایەوە، وتی: هەر لە حەفتەی یەکەمەوە، دەستیان پێ کرد خۆمان و منداڵەکانمان بجوێنن و فێری عیبریشمان بکەن. !

ڕەنگبێ ناکۆکترین میللەت لە دنیادا، چ لەڕووی زمان و چ لەڕووی ناسنامە و کولتوورەوە، بە حوکمی پەرگەندەبوونیان؛ جوولەکە بن.. هەڵبەت زۆربەی زۆریان هی ئەوێ نین و لە هەر چوار ئیقلیمی دنیاوە، بۆی چوونە و هەر چینێکیش خودان زمان و لەهجەیەکن.. وەلێ لەبەر ڕێکوپێکییان، دووربینییان، دڵسۆزی و دەروێشییان بۆ جوولەکایەتی، بابایەک نەماوە عیبری نەزانێ، مەگەر ئەوەی دوێنێ و ئەمڕۆ هاتووە.

بەکافرم مەزانن، من دۆستی ئیسرائیل نیم و دژی سیاسەتی ئەوانم، وەلێ پەندەکە نەک حەدیسەکە، دەفەرمووێ: (ڕگلبوا العلم ولو بالێین ـ بۆ زانین و ماریفەت، تەنانەت بڕۆنە وڵاتی چین ـ یش) واتە وڵاتی غەیرەدینان. بۆیە، بەر لەوەی هەر شارێ لە ئاوازێک بخوێنێ، کوردگەل لێک ببن بە نامۆ و کوردستان بکرێتە ئەگلەنجەی زمانان، شاند و وەفد ـ ان بنێرنە ئیسرائیل، تا بزانن ئاخۆ ئەو جوولەکانە چۆن توانیویانە ئەو خەڵکە زمان جۆراوجۆروعەنتیکانە بە دەوری کوانووی عیبریدا، کۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بکەنەوە.. یاخود لەوێوە زمانەوانی پسپۆڕ، شارەزا و پیتۆڵ، داوەتی کوردستان بکەن، تا لێیانەوە فێر بن کە چۆن کۆشکی زمانیان مەحکەم و ژیکەڵە دەکەن، بەر لەوەی ببن بە ئاردی نێو دڕکان، هەرگیزیش کۆ نەکرێنەوە و یەکدی نەگرنەوە.

دەکرێ ئەم ئەرکە بخرێتە ئەستۆی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی فێرکردنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی.. ئەم پێشنیازەشم بەڕاستییە نەک بە قەستی.

02/08/2007

mohsinjwamir@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.